(( حوکمی گۆڕینەوە و مامەڵە کردن بە دراوەکان لە ڕێگەی تەلەفوون یان ئینتەرنێتەوە ))

قال الله تعالى: ({فاسألوا اهل الذكر إن كنتم لا تعلمون} (سورة النحل: ٤٣).

الحمد لله والصلاة والسلام على سيدنا رسول الله وعلى آله وصحبه والتابعين بإحسان لهم إلى يوم الدين:

دوای ئەوەی زۆرێك لە مامۆستایانی ئاینی و موسوڵمانان پرسیاریان کردووە لە ئەنجومەن سەبارەت بە کڕین وفرۆشتنی دراو لە ڕێگەی تەلەفوون یان ئینتەرنێتەوە، وەك ئەوەی لە ئێستادا لە زۆرێك لە بازاڕەکانی دراودا دەگوزەرێت، کە بۆ نمونە کڕیار تەلەفوون بۆ نوسینگەیەکی دراو دەکات دەڵێت: دە هەزار دۆلار ماڵی من بێت دوای دوو ڕۆژی دیکە پارەکەی واصل دەکەم... ئەویش دەڵێت ئەوە کردمە ماڵی تۆو لە دەفتەری خۆی لەسەر کڕیارەکە دەینوسێت.

ئینجا دوای دوو ڕۆژەکە کڕیارەکە دەچێت بۆ نوسینگەکە ، یان هەر بەتەلەفوون بە نوسیگەکە دەڵێت: دە هەزار دۆلارەکەمت پێ دەفرۆشم، ئینجا ئەگەر قازانجی کردبوو ئەوە خاوەن نوسینگەکە تەنها قازانجەکەی پێ دەدات، وە ئەگەر زەرەری کردبوو بڕی زەرەرەکەی لێ دەستێنێت.

وەڵام: ئەم جۆرە مامەڵەیە دروست نییە، چونکە لە کڕینی دراو بە دراو پێویستە کڕیارو فرۆشیار لە مەجلیسی مامەڵەکە دراوەکان لە یەکتری وەربگرن (قبض)، بە پێچەوانەوە ئەو مامەڵیە حەرام دەبێت.

لە صەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە کە بەرائی کوڕی عازیب و زەیدی کڕی ئەرقەم پرسیاریان لە پێغەمبەر کرد -صلى الله عليه وسلم- لە بارەی گۆڕینەوەو فرۆشتنی پارە بە پارە ئەویش فەرمووی: (إن كان يدا بيد فلا بأس وإن كان نساء فلا يصح) متفق عليه.

واتە: ئەگەر دەست بەدەست پارەکە لەیەکتر وەرگیرا ئەوە زەرەری نییە و دروستە، بەڵام ئەگەر بەقەرز بوو ئەوە دروست نییەو خراپە.

بەڵام ئەگەر هەردوو لا ژمارەی حیسابیان هەبێت لە بانکە باوەڕپێکراوەکان ولەو کاتەدا فرۆشیار پارەکەی خستە سەر حیسابی بانکی کڕیارەکە ئەوە ئەو مامەڵەیە دروستە، چونکە گۆڕینەوەو کڕین وفرۆشتنی دراو لە ڕێگەی ژمارەی حیسابییەوە ڕێگە پێدراوەو دەچێتە خانەی

وەرگرتنی(قبض) حوکمییەوە و زووربەی دامەزراوەکانی فەتواش بەدروستیان داناوە.

بەڵام ئەگەر ژمارەی حیسابی بانکییان نەبێ ئەوە ئەو مامەڵەیە دروست نییە و بە هیچ شێوەیەك تەلەفوون لە جێگەی وەرگرتن دانانیشێت، لەبەر ئەوەی چەندین فێڵ و هەڵخەڵەتاندن دروست دەبێت لەم ڕێگەیەوە، بۆیە شەرع دەست بەستی(تقابض) بە مەرج داناوە بۆ ئەم جۆرە مامەڵانە.

(والله تعالى أعلم)

وصلى الله على سيدنا محمد وآله وصحبه والحمد لله أولا وآخرا.

ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان

٢/ذو القعدة/١٤٤١هـ = ٢٠٢٠/٦/٢٣م = ٢/ پوشپەڕ/ ٢٧٢٠ك